# گفتوگۆی ئەندامەتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا و پەیوەندی بەکێشەی کوردەوە


## مەجید دلّنیا

diyako_8@hotmail.com


سەرەنجام پاش ململانێ وچاوەڕوانیەکی زۆر، 6ی ئۆکتۆبەرکۆمیسیۆنی ئەوروپا ڕاپۆرتی ڕەزامەندی سەبارەت بە دەستپێکردنی گفتوگۆی ئەندامیەتی تورکیا بلاّوکردەوە.کە بڕیارە لە ناوەڕاستی دیسەمبەری ئەمساڵ دەخرێتە واری جێبەجێکردنەوە.گەرچی کۆمیسیۆنەکە چەند مەرجێکی توندیان بۆتورکیا داناوەوهۆشداریا نداوەتە تورکیا ئەگەر بێتو لەهەر ڕیفۆرمێکی دیموکراسی و مافی مرۆڤدا لاملی بکا یا پاشکەز بوونەوەی پێوە دیار بێت ئەوە دانووستانەکان ڕادەوستێنرێن وهیچ گرەنتیەك بۆ بەسەرنجامگەیاندنی ئەو پرۆسەیە لەگۆڕێدانیە.

تورکەکان کە بەقەولی خۆیان ئەوە ماوەی 40 ساڵە لەبەردەم دەرگای یەکێتی ئەوروپا وەستاون و تائێستا پسوولەی چوونە ژوورەوەیان پێنەدراوە.

گەرچی حکومەتەکەی ئەردۆغان لەماوەی ئەم دووساڵەی حوکمیدا هەوڵی زۆریداوە بەپەلە پەل چەند ڕیفۆرمێك ئەنجامبدات ،مایەی ڕەزامەندی ئەندامانی یەکێتیەکە بێت.بەگەواهی زۆریك لە چاودێرانی سیاسی ئەو ڕیفۆرمانە ڕووکەشی و سەرکاغەزین.چاوەڕوانی ئەو ماوە زۆرەی تورکیا لەبەردەرگای

یەکێتی ئەوروپا بە پێی ناوەندە سیاسیەکان دیارترینیان خراپی باری مافی مرۆڤەو کێشەی نەتەوەکانە بەتایبەتی کێشەی کورد .ئاشکرایە تورکیا یەکێکەلەو ولاّتانەی عەسکەر ڕۆڵێکی زۆری بینیوە، و بەیەکێك لەو ولاّتانەش دێتە ژماردن کەلەسەر بنەمای ڕەگەزپەرستی کوێرانە ڕۆنراوە.

سەرباری نەتەوە گەلێکی جیا لە تورك وەکو کوردو ئەرمەن وچەرکەزو لازو عەرەب...هتد.کەچی لە دەستوری ولاّتدا وا لەقەڵمدراوە لەو ولاّتەداجگە لە تورك کەسێکیتر بوونی نییە .ئەمە نیشانەی گەورەترین بنەمای پێکهاتەی شۆفێنستی ئەو ولاّتەیە.بەپێی قسەی هەموو ناوەندەکان هەر ئەوە

سەرەکیترین هۆی ئەو چاوەڕوانیە زۆرەی بەردەرگای ئەویەکێتیەیە.کەچی ئەردۆغانی سەرۆك وەزیران زۆر بێشەرمانە لە دیداری لەگەڵClaude lelbuche سەرۆکی شاندێکی پەرلەمانی ناتۆ کەسەردانی تورکیای کردبوو ،تا لەنزیکەوە ڕیفۆرمەکانی تورکیا ببینن،ئەردۆغان وتوویە(کلتوری نەتەوەپەرستی وناسیۆنالیستی توندڕەو لەنێو کۆمەڵگای تورکیدا شتێکی نامۆیەو زەمینەشی نییە،کوردوتورك وەك گۆشت و نینۆك تێکەڵی یەکتری بوونە).ئەم قسەیە هێندە گاڵتە جاڕانەیە،ئەوەی یەك تۆز ئاگاداری ڕەوشی تورکیا بێت ،دەزانێت چەند غەرقی ناسیۆنالیستی توندڕەوون.

ئەدی گەر وانییە ئەوە خێرە 40 ساڵە ئاوی چاوتان داهات وناهێڵن پێبنێنە ئەودیوەوە، تاساتەوەختی جەنابی ئەو شەکرانەش دەشکێنێ یەکێکلە کۆسپە سەرەکیەکان نەبوونی دیموکراسی حەقیقی ومافی مرۆڤ و کێشەی کوردو کەمینەکانە.بۆیە سەیر نییە ڕۆژنامەوانێکی تورك پرسیارلە وەزیرێکی

سویدی دەکات دەڵێ کەی تورکیا دەبێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا ئەویش دەڵێ کەی من مردم ڕۆژنامەوانەکە تێناگات،بۆیە وەزیرەکە دەڵێت 50 ساڵیتر.ئەمانە بەنیازن ڕیفۆرم بکەن ،وەلێ هەرچی دەکەن ناتوانن ئەو توێکڵی هێلکەی کەمالیزمە بشکێنن و وەك جوجەڵەیەکی سەربەست بێنەدەرێ.

سەبارەت بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا ،بیروڕای جیاواز هەیە .زۆرینەی ئەوروپپیەکان دژی بەئەندامبوونی تورکیان لەو یەکێتیەدا.
لە ئەڵمانیاو دانیمارك بەپێی ڕاپرسیەك زۆینەی خەڵکەکە دژی بەئەندامبوونەکەن.جگەلەوە هەندی وڵاتی وەك نەمساو دانیمارك وتەنانەت فەرەنساش ناڕازین،بۆنمونە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا پێیوایە لەرێی دەنگدانەوە مەسەلەی تورکیا یەکلایی بکرێتەوە،کە تورکیا بۆخۆی دژی ئەمبۆچوونەیە،چونکە دەزانێ سەرکەوتوو نابێت.
ئەڵمانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی پشتگیری ئەندامبوونی تورکیا دەکات .بەلاّم هەڵبژاردنی تازەی ئەڵمانیا ئەم چانسە لەدەست تورکیا دەدات، چونکە بەدڵنیاییەوە حیزبەکەی شرۆیدەر دەرناچێ وحیزبی دیموکراتی مەسیحی دێنەسەر کار کە زۆر دژی بەئەندام بوونی تورکیان.
هانزگێرت پوتێرنبگ کەسەرۆکی گرووپی دیموکرات مەسیحیە لە پەرلەمانی ئەوروپا ،پێیان وایە هێشتا زووە بۆ قسەکردن لەسەر ئەندامیەتی تورکیا.ئیکرای نارەزایەتیەکانیش لە دژی بەئەندام بوونی تورکیا بەڕادەیەکی بەرچاو مەسەلەی خراپی ماڤی مروڤ و کێشەی کورد لەبەرچاودەگرن.گەرچی لەڕابردوودا جگە لە هۆیە ناوخۆیەکان،هۆیە دەرەکیەکانیش لەبەردەم بەئەندام بوونی تورکیا کۆسپبوون،وەك کێشەی قوبرس وهاوسێکانی تورکیا. لەئێستادا هەندێك لەو کێشانە وەك خۆی نەماوە،بۆیە یەکێتی ئەوروپا زیاتر پێ لەسەر کێشە ناوخۆییەکان دادەگرێ کەبگونجێ لەگەڵ بنەما کانی کۆپنهاگن.
یەکێتی ئەوروپا پاش چاوەڕوانیەکی زۆر لەتورکیا ،تا بزانێت بەرەنجامی کارە ڕیفۆرمیەکانی تورکیابە کوێ گەیشتووە.لەسەرەتای مانگی 04.spt کۆمیسیۆنی چاودێری پێشکەوتنەکانی تورکیا لەبواری ڕیفۆرمسازیدا شاندێکی بەسەرۆکایەتی ڤەرهۆیگن بۆ تورکیا نارد.ڤەرهۆیگن سەردانی دیاربەکری کردو لەوێ چاوی بە کچە قارەمانی کورد لەیلا زانا وهەڤالانی وعوسمان بایدەمیری سەرۆکی شارەوانی ئامەد کەوت .دواتریش
سەردانی دوو گوندی تێکدراوی بەناوی (توزلاولیجە)کرد،کەخەڵکەکەی بۆی گەڕابوونەوە.ئەو دوو گوندە لەو هەزاران گوندانەن  کە سوپای تورکیا وێرانیکردبوون و خەڵکەکەی دەربەدەری شارەکانی تورکیا کراوون. ڤەرهۆیگن لەوسەردانەیدا خۆشحاڵی خۆی  بە ڕیفۆرمەکان دەربڕیبوو،گەرچی لەیلا زاناوعوسمان بایدەمیر هۆشداریان دابوو کەڕیفۆرمەکان زیاتر ڕووکەشین ولە واری جێبەجێکردندا شتی زۆر کەم بەدیدەکرێ.
ڤەرهۆیگن لە ڕاپۆرتەکەیدا داوایکرد تورکیا ماڤی زیاتر بەکوردان بدات وپشتگیری خەڵکە ڕاگوێزراوەکەشی کرد بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان وکارئاسانیان بۆبکرێت.هەروەها داوای ئازادی پتری ئاخاوتن وچاپ وپەخش بەزمانی کوردی کرد،لە بەرامبەریشدا بەڵێنیدا یەکێتی ئەوروپا
کار بۆ بوژاندنەوەی باشووری ڕۆژهەلاّتی تورکیا (کوردستانی تورکیا)بکات.شایانی ئاماژە پێکردنە بەپێی ڕاپۆرتەکانی ماڤی مرۆڤ لەتورکیالەماوەی 15ساڵی شەڕی p.KK و ڕژێمی تورکیا واتە لە1984وە 3700گوندی کوردان لەژێر زەبری فشاری سوپای تورکیا چۆڵکران وخەڵکەکەی پەڕاگەندەی شارە گەورەکان بوون ولەحاڵێکی  زۆر سەختدا دەژین ڕۆمانۆ برۆدی سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا لە ڕاپۆرتی فەرمی خۆیدا ،لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپا لە برۆکسل وتی تورکیا سەبارەت بەو پێوانەسیاسیە تایبەتیانەی پەیوەند بە دیموکراتیەت لەسایەی حوکمی قانوندا وەفاداربووە.هەروەها جەختی کردەووە ئەنقەرە پێویستە لەکاری ڕیفۆرمدا بەردەوام بێت، ئەگەر نا گفتوگرکانی تایبەت بەئەندامبوون ڕادەگیرێن.هەروەها فرانز ڤیشلەر لەکاتی کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنەکە دەربارەی هەڵبژاردنی تورکیا وتی گریمان هەیە کە تورکیا ببێتە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا،هیچەندە بەرەنجامی گفتوگۆکان کارێکی زۆر گرینگە ودیاریکراویش نییە. ناوەندی ڕاستی دەسەلاّتداری هۆڵەندا کەئێستا تاناوەڕاستی ساڵی 2005

سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپا دەکات.گومانی خۆی لەو ئەندامیەتیە نیشاندا ،ناوەندەکە پێیوایە ئەگەر بە گەشبینیەوە سەیری ئەندامیەتیەکە بکەین ئەوا دانوستانەکان تاسالی 2015دەخایەنێت،واتە دوای 11 ساڵیتر.لەسەروبەندی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی ئەوروپا کێشەیەکی نوێ للەنێوان تورکیاو ئەوروپا سەری هەڵدا ئەویش مەسەلەی یاسای سزادانی زینا بووکە دەوڵەتی تورکیا بڕیاری لێدابوو.ئەم بابەتە گرژو ئاڵۆزی لەنێوان هەردوو لادا دروستکرد بۆ دەربازبوون لەو قۆناغە ئەردۆغان ڕایگەیاند تا حکومەتەکەی ئەو لەسەرکاربێت کەس لەسەر کاری زینا لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت.

ئەمە لەکاتێکدایە حیزبەکەی ئەردۆغان کەیاساکانی ئیسلامی بەبنەما گرتووەو لەئیسلامدا زینا یەکێکە لە گوناهە گەورەکان.لەوەش سەیرترئەوەیە ئەو حیزبە پراکتیك کردنی ئایەتێکی قورئانی بۆ گرینگ نییە،کە بە ملیۆنان خەڵك لەسەر ئەو بنەمایە دەنگیان پێدا.کەچی لە کێشەی کوردا زۆر لایان گرینگە دان بە بەبوونی میللەتێکی نەنێن کە کوردە ،ئێستاتشی لەگەڵدا بێت لای ئەوان لە تورکیا میللەتێك نییە ناوی کورد بێت وشەی کولاد بەهەموو مانایەك قەدەغەیەو کەس زات ناکات بەسەر زاریا بێت وەك ئەوەی تەلاقیان بکەوێت.

ناوەندە سیاسیەکانی ئەوروپا بەترس ودڵەڕاوکێوە دەڕواننە ئەندامیێتی تورکیا،چونکە پێیان وایە تورکیا دەبێتە بارێکی گران بەسەریامەوە چونکە باری دواکەوتووی ونزمی ئاستی ئابووری ناکرێ لەبەرچاونەگیرێ.چاودێرانوامەزەندە دەکەن ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندام ئەوە ئەوروپا ناچارە بڕی 28ملیارو90ملیۆن یۆرۆ بۆڕاستکردنەوەی باری خواری تورکیا خەرجبکات.بۆیە گریمانی ئەوەدەکرێت هێندەیتر ڕێژەی بێکاری لەئەوروپا بەرز ببێتەوە. عەبدولاگولیش سەبارەت بەدەستپێکردنی کفتوکۆی ئەندامیەتی تورکیا وتی هەنکاوێکی مێژووییە،هەرچەندە کۆمیسیۆنەکە مەرجی توندیان داناوە بۆ بوونە ئەندامو هۆشداریشیان داوە کە هیچ گرەنتیەك نییە بەوەی گفتوگۆکان بەسەرکەوتوییبەئەنجام بگات.ڕێز.دار موعەمەر قەزافی پارساڵ وتی ئەگەر تورکیا بچێتە یەکێتی ئەورپاوە ئەوە دەبێتە ئەسپی تەروادەی وڵاتانی ئیسلامی ئەوەی شایانی ئاماژەپێکردنە بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا واچاوەڕوان دەکرێ میللەتی کورد لەکوردستانی باکور سوودێکی باشی لێببینن.،چونکە پەرلەمانی ئەوروپا بەڵێنی داوە ناوچە کوردنشینەکان لە ڕووی ئابووریەوە ببوژێنێتەوە کە ئێستا لە حاڵێکی زۆر خراپدان.لەڕووی ئازادیە دیموکراتیەکانیشەوە گۆڕانکاری ڕوویداوە،گەرچی چاودێرانی مافی مرۆڤ لە تورکیا پێیانوایە ئەو گۆڕانکاریانە تەنیا شکڵین وشتی سەر کاغەزن ولەهیچ شوێنێکی ناوچە کوردنشینەکاندا (کوردستانی باکور)کاریان پێناکرێت ولەجێبەجێکردنیاندا کۆسپ دەخرێتە ڕێگەیان وپێشێلیەکانی مافی مرۆڤ ئێستاش درێژەی هەیە.لەبەر فریودان وشتی ڕووکەش وجێبەجێکردنی شتێکی کەمی گۆڕانکاریەکان وای لەکەسێکی وەك ئۆجەلان کردووەلەدوا دیمانەیدا بەگومانەوە لەریفۆرمەکان بڕوانێ و یەکێتی ئەوروپا بەوە تاوانبار بکات کە کوردیان فرۆشتووە.

واتە ئەوروپا بەو هێندە گۆڕانکاریانە لەبەر بەرژەوەندی خۆیاندەستبەرداری مافەکانی کوردبوون .مێژووی پڕفرۆفێڵی دەوڵەتی تورك وحکومەتەکانی ئەوە دەردەخەن کە هەرگیز عەقڵی تورك مەحاڵە بتوانێ وەك عەقڵێکی ئەوروپی تەندروست بەرامبەرەکەی قبوڵبکات ودیموکراتیەت بەمانای وشە بۆ تەواوی ئینسانەکانی ئەو وڵاتە بەبێ جیاوازی دەستەبەربکات.ئاشکراشە ئەگەر هەڵپەی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپاو فشاری ئەویەکێتیە نەبێت ئەوان ئامادەنین یەك ڕیفۆرم ئەنجام بدەن.ئەو بەناو دیموکراتیەتەی لە تورکیا هەیەکە تەنیا هاووڵاتی بە ڕەگەزتورك دەگرێتەوەنەك کەسێکیترکەچی ئەشیانەوێ بەو وەزعەوە بچنە یەکێتی ئەوروپاوە کە بنەماکانی کۆپنهاگن بەبەراورد لەو دیموکراتیەتە شێواوەی هەیانەئاسمان و ڕێسمانە بۆیە بەئەندابوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بەم

ڕەوشەی ئێستیاوە سەبارەت بە کێشەی کوردو کەمایەتیەکانتر وماڤی مرۆڤ،بەبڕوای من گەورەترین سوکایەتیە بۆ ئەوروپاو بۆ ماڤی مرۆڤیش.چونکە بە دڵنیایەوەگەر فشاری توند لەسەریان نەبێت ئامادەنین هیچ شتێك جێبەجێ ناکەن گەربۆیان بکرێ

ئەوروپاو کۆمەڵی نێو دەوڵەتیش فریو دەدەن.بۆیە هەرجۆرەفشارێك بەدڵنیایەوە بەرەنجامی خۆیدەبێت . کەواتە پێویستە کورداون وکۆڕو کۆمەڵە کوردیەکان فشاری زیاتربخەنە سەردەوڵەتە ئەوروپیەکان،تائەوانیش فشاری زیاتربخەنە سەرتورکیا دواجاریش بەخۆشحاڵیەوەئەوفشارو گۆڕانکاریانە

لەخزمەت کێشەی کوردە لەکوردستانی باکور.

2004-10-10